# پارتی دیموکراتی کوردستان بەرپرسە لەچارەنووسی
# دکتۆر کەمال سەید قادر

**بەپێ ی چەند سەرچاوەیەکی هەواڵ لەوانەش لەزمانی خوشکەکەیەوە ئەمرۆ ئەوە ڕاگەیەنرا کە دکتۆر کەمالی سەید قادر بەهۆی هەلومەرجی نەخوازراو ڕەفتاری نامرۆیی یەوە دەستی داوەتە مانگرتن لە خواردن، و لەئاکامی ئەم مانگرتن و هەلومەرجە سەختەی بەسەریدا سەپێنراوە، هەلومەرجی تەندروستی کەوتۆتە بەر هەرەشەو لەململاندایە لەگەڵ مەرگێکی نەخوازراو.**

**ئێمە لەکاتێکدا کە هیوادارین وەزعی تەندروستی دکتۆر کەمال بەزووی باش بێتەوە، لە هەمانکاتدا ئێمە بەتوندی ئیدانەی ڕەفتاری دەزگاکانی پارتی دەکەین، و پارتی بەبەرپرس دەزانین لەبەرامبەر چارەنووسی دکتۆر کەمالدا.**

**وە هەرلێرەوە بانگەوازی تەواوی بەرەی متەمەدین و ئینسان دۆست، تەواوی حزب و لایەنە سیاسی و ڕێکخراوە جەماوەری و ئینساندۆستەکان، تەواوی ڕوناکبیران و دادوەران و هەموو ئینسانێکی پێشکەوتنخواز لەدەرەوەو ناوەوەی وولآت دەکەین کە لەبەرامبەر بەچارەنووسی دکتۆر کەمالدا هەڵوێستی بەکردەوە مەسئولانە بگرنەبەرو ڕێگە بگرن لەوەی گیانی ئینسانێك بکەوێتە گەروی مەرگەوە.**

**خەڵکی کوردستان بەگشتی و خەڵکی هەولێر بەتایبەتی دەبێ بەوەرێخستنی نارەزایەتی جەماوەریان لەبەردەم زیندان و بەردەم دەزگا بەپرسەکانی پارتی، پارتی ناچار بکەن کە ڕێز بۆ گیانی ئینسان دابنێت و بەفەوری و بێقەیدو شەرت دکتۆر کەمال ئازاد بکات.**

**کەمپەینی ئازادی بۆ دکتۆر کەمال سەید قادر**

**کۆمیتەی سەرپەرشتیکار**

**2006-1-4**

dkamal_free@yahoo.com